# تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی و

**هەفتەی رابردوو لە شاری کوالالامپور لە مالیزیا تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٤ و ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ و یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا لەسەر ئاستی لاوان و تازەپێگەیشتووان بۆ هەڵبژاردەکانی کیشوەری ئاسیا راکێشرا، کە تیاییدا هەڵبژاردەی عێراق رووبەرووی چەند هەڵبژاردەی بەهێز بۆوە بە تایبەتی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢، ئەنجامی تیروپشکەکان بەمشێوەیە بوو.**





## تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٤

تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٤، کە لە وڵاتی بەرازیل ئەنجام دەدرێت بۆ کیشوەری ئاسیا راکێشرا، کە تیایدا لەم تیروپشکەکە لە قۆناغی یەکەم ١٦ هەڵبژاردە لەگەڵ یەکتر یاری دەکەن بۆ ئەوەی ٨ هەڵبژاردە سەرکەوێت بۆ قۆناغی دووەم، لە قۆناغی دووەم ٣٠ هەڵبژاردە لەگەڵ یەکتر یاری دەکەن بەشێوازی چوون و هاتن بۆ ئەوەی ١٥ هەڵبژاردە سەرکەوێت بۆ قۆناغی سێیەم لە قۆناغی سێیەم هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی کۆریای باشوور و کۆریای باکوور و ئوسترالیا و ژاپۆن و بەحرێن و کۆتایی شانبەشانی ئەم ١٥ هەڵبژاردەیە بەسەر ٥ کۆمەڵە دابەش دەکرێت لە هەر کۆمەڵەیێك ٢ هەڵبژاردە بۆ قۆناغی چوارەم و کۆتایی سەردەکەوێت لە قۆناغی چوارەم ١٠ هەڵبژاردە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش دەکرێت لە هەر کۆمەڵەیێك دوو هەڵبژاردە راستەوخۆ بۆ جامی جیهانی سەردەکەوێت و خاوەن پلەی سێیەمی هەردوو کۆمەڵە لەگەڵ یەکتر یاری دەکەن بۆ ئەوەی لە پاشکۆی جیهانی یاری بکات بۆ سەرکەوتن بۆجامی جیهانی.

ئەنجامی تیروپشکەکە بەمشێوەیە بوو.

**قۆناغی یەکەم**

مالیزیا- چین تاییبە، بنگلادش – پاکستان، کمبۆدیا- لاوس، سریلانکا – فلیپین، ئەفغانستان – فەلەستین، ڤیتنام – ماکاو، نیپال- تیمور شرقیە، منگۆلیا – میانمار.

**قۆناغی دووەم**

تایلاند – (لەگەڵ براوەی ئەفغانستان – فەلەستین یاری دەکات)، لوبنان – (لەگەڵ براوەی بەنگلادیش – پاکستان یاری دەکات)، چین –(لەگەڵ براوەی کمبۆدیا – لاوس یاری دەکات)، تورکمانستان – ئەندنوسیا، کوێت –(لەگەڵ براوەی سریلانکا و فلیپین یاری دەکات)، عومان – (لەگەڵ براوەی مینگۆلیا – میانمار یاری دەکات)، سعودیە – هۆنگ کۆنگ، ئێران – مالدیڤ، سوریا – تاجیکستان، قەتەر – (لەگەڵ براوی ڤێتنام – میکاو یاری دەکات)، عێراق – یەمەن، سەنگافورە – (لەگەڵ براوەی مالیزیا – چین تاییبە یاری دەکات)، ئۆزباکستان – قیرغستان، ئیمارات – هیند.

## تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢

یارییەکانی پاڵاوتن بۆ ئۆلۆمپیادی لەندەن لە قۆناغی یەکەم ١١ هەڵبژاردە توانیان سەرکەون بۆ قۆناغی دووەم و لە قۆناغی دووەم ٢٤ هەڵبژاردە لەگەڵ یەك یاری دەکەن بە شێوازی دەرچوونی تیپی دۆڕاو دواتر ١٢ هەڵبژاردە بۆ قۆناغی سێیەم سەردەکەوێت لەم قۆناغە ئەم ١٢ تیپە بەسەر ٣ کۆمەڵە دابەش دەکرێت و بەشێوازی خول بە دوو قۆناغ یاری دەکەن و لە هەر کۆمەڵەیەك هەڵبژاردەیەك راستەوخۆ بۆ ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ سەردەکەوێت.

ئەنجامی تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ ئۆلۆمپیادی لەندەن بەمشێوەیە بوو

قەتەر – هیند، عێراق – ئێران، کۆریای باشوور – ئوردن، بەحرێن – تایلاند، ئوسترالیا – یەمەن، ژاپۆن – کوێت، سوریا – تورکمانستان، کۆریای باکوور- ئیمارات، ئۆزباکستان – هۆنگ کۆنگ، سعودیە – ڤێتنام، چین – عومان، لوبنان – مالیزیا.

جێگەی باسە یارییەکانی چوونی ئەم قۆناغە لە ١٩-٦ بەرێوە دەچێت و یارییەکانی هاتن لە ٢٣-٧ ئەنجام دەدرێت.

## تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا لەسەر ئاستی لاوان ٢٠١٢

لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا لەسەر ئاستی لاوان ٣٩ هەڵبژاردە بەشداری تیایدا دەکەن و بەسەر دوو ناوچە دابەش کراون (٢٣) هەڵبژاردە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ئاسیا و (١٦ هەڵبژاردە) لە ناوچەی رۆژئاوای ئاسیا بەشداریان کردووە و بەسەر ٧ کۆمەڵە دابەش کراون لە هەر کۆمەڵەیەك خاوەن پلەکانی یەکەم و دووەم راستەوخۆ بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا سەردەکەوێت و خاوەن باشترین پلەی سێیەم لە کۆمەڵەکانی رۆژئاوای ئاسیا سەردەکەوێت بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا و هەروەها خاوەن باشترین پلەی سێیەم لە کۆمەڵەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بەهەمان شێوە سەردەکەوێت بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا.

ئەنجامی تیروپشکەکە بەمشێوەیە بوو.

**رۆژئاوای ئاسیا**

**کۆمەڵەی یەکەم:** سعودیە، عێراق، عومان، بەنگلادیش، نیپال، مالدیڤ.

**کۆمەڵەی دووەم:** بەحرێن، ئوردن، تاجکیستان، قەتەر، کوێت، بۆتان.
**کۆمەڵەی سێیەم:** ئۆزباکستان، ئێران، پاکستان، هیندستان، ئەفغانستان، تورکمانستان.
**کۆمەڵەی چوارەم:** ئیمارات، سوریا، یەمەن، فەڵەستین، لوبنان.

**رۆژ هەڵاتی ئاسیا**

**کۆمەڵەی پێنجەم:** کۆریای باشوور، ژاپۆن، تایلاند، هۆنگ کۆنگ، گوام، چین تایپیە.
**کۆمەڵەی شەشەم:** کۆریای باکوور، ڤیتنام، مالیزیا، مالیزیا، میانمار، لاوس.
**کۆمەڵەی حەفتەم:** ئوستورالیا، چین، ئەندنوسیا، سەنگافورە، ماکاو.

**تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان ٢٠١٢**

لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان ٤٠ هەڵبژاردە بەشداری تیاییدا دەکەن و بەسەر دوو ناوچە دابەش کراون (٢٢) هەڵبژاردە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ئاسیا و (١٨ هەڵبژاردە) لە ناوچەی رۆژئاوای ئاسیا و بەسەر ٧ کۆمەڵە دابەش کراون لە هەر کۆمەڵەیەك خاوەن پلەکانی یەکەم و دووەم راستەوخۆ بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا سەردەکەوێت و خاوەن باشترین پلەی سێیەم لە کۆمەڵەکانی رۆژئاوای ئاسیا سەردەکەوێت بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا و هەروەها خاوەن باشترین پلەی سێیەم لە کۆمەڵەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بەهەمان شێوە سەردەکەوێت بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا.

**ئەنجامی تیروپشکەکە بەمشێوەیە بوو.**

رۆژ ئاوای ئاسیا


**کۆمەڵەی یەکەم:** عیراق، ئێران، بنگلادش، قەتەر، فەڵەستین، سریلانکا.
**کۆمەڵەی دووەم:** ئیمارات، کوێت، یەمەن، پاکستان، ئەفغانستان، مالدیف.
**کۆمەڵەی سێیەم:** ئۆزباکستان، تاجیکستان، بەحرێن، قیرغستان، چین.
**کۆمەڵەی چوارەم:** سوریا، عومان، سعودیە، نیپال، لوبنان

رۆژهەڵاتی ئاسیا

**کۆمەڵەی پێنجەم:** کۆریا باکوور، چین، تیمور شرقیە، سنگافورە، مالیزیا، ماکاو.
**کۆمەڵەی شەشەم:** ژاپۆن، ڤێتنام، چین تایپیە، لاوس، کۆریای باشوور، کمبۆدیا.
**کۆمەڵەی حەفتەم:** ئوستورالیا، ئەندنوسیا، تایلاند، هۆنگ کۆنگ، میانمار، گوام.

# ئۆڵۆمپیادی لەندەن لە کیشوەری ئاسیا راکێشرا





## پیکێ بە وێنەی میسی و شاکیرا نیگەران نییە

ڕۆژنامەی زە سەنی بەریتانی وێنەیەکی بەیەکەوەی نێوان یاریزان لیۆنێل میسی و خانمە گۆرانیبێژی جیهانی شاکیرای بڵاوکردەوە کە هاوڕێی یاریزانی هێلی بەرگری یانەی بەرشلۆنە جیرارد پیکێیە و ئەم وێنەیە لە ئاهەنگی لە دایکبوونی پیکێ وەرگیراوە، نزیکانی یاریزان پیکێ پرسیاریان لێکرد ئەم وێنەیە نیگەرانی کردووی، پیکێش لە وەڵامدا دووپاتی کردەوە کە میسی یەکێکە لە هاوڕێیە نزیکەکانی و ئەم وێنەیە بە هیچ شێوەیەك نیگەرانی نەکردووم. ماوەیەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان پیکێ و شاکیرا بڵاو دەکەنەوە، یاریزان پیکێ لەدوای یاری نێوان بەرشلۆنە و ئەرسنال لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئاهەنگی لەدایکبوونی سازکرد بە ئامادەبوونی شاکیرا.



## سامی خزێرە ئامانجی ئۆزێل ئاشکرا دەکات

سامی خزێرە یاریزانی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئامانجی هاوڕێکەی لە یانە و هەڵبژاردە مەسعود ئۆزێل وەك یاریزان ئاشکرا کرد، خزێرە بە ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانی ڕاگەیاند و وتی :ماوەی دوو ساڵە ئۆزێل دەناسم و دەزانم چۆن بیر دەکاتەوە و مامەڵەکردنی لە گەڵ بارودۆخەکان زۆر باشە، وابزانم لە ڕێگەی ڕاستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەك یاریزان. هەروەها خزێرە وتی: ئۆزێل هەوڵ دەدات ببێتە یەکێك لە باشترین یاریزانانی تۆپی پێ، بەڵکو ببێتە باشترین یاریزان لە جیهان، زۆر بە جددی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات لەکاتی مەشقەکان و یارییەکان و تەنیا بیر لە یاری تۆپی پێ دەکاتەوە. جێگەی ئاماژە پێکردنە سامی خزێرە و مەسعود ئۆزێل لە هاوینی ساڵی ٢٠١٠ بە یەکەوە پەیوەندییان بە یانەی ریال مەدرید کرد دوای ئەوەی هەردووکیان ئاستێکی بەرزیان لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە مۆندیالی باشووری ئەفریقیا پێشکەش کرد.



## ٥ یاریزان لە یەک پاڵەوانیەتی لـ

لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا هەردوو یاریزانی سویسری ڕۆجەر فیدرەر و ئیسپانی ڕافایل نادال کۆنترۆڵی زۆربەی نازناوەکانی یاری تێنسی سەر زەوییان کردووە و هەر یاریزانێك جگە لەم دوو یاریزانە هەوڵی بەدەستهێنانی نازناوێك بدەن ئەوە دەبێ یان لە فیدرەر یان لەنادال ببەنەوە، بەڵام تەنیا پێنج یاریزان لە مێژوودا لە یەك پاڵەوانیەتی توانیویانە لە هەردووکیان ببەنەوە و دواتر بوونە پاڵەوانی خولەکە، ئێمەش ناوی ئەم ٥ یاریزانە ئاشکرا دەکەین:

١- نۆڤاك جیۆکۆڤیچ (سربیا)

جیۆکۆڤیچ لە دوو پاڵەوانیەتی جیادا توانی لە فیدرەر و نادال بباتەوە، یەکەمیان لە پالەوانیەتی ڕۆجەرز لە کەنەدا بوو لە ساڵی ٢٠٠٧، دواتریش لە پاڵەوانیەتی ئەندیان ویلز پێش چەند هەفتەیەك کە توانی لە هەردووکیان بباتەوە و ببێتە پاڵەوان.

٢- ئەندی مۆرای (بەریتانیا)


یاریزان مۆرای ئێستا لە خراپترین ئاستی هونەری دایە، بەڵام لە ساڵی ڕابردوو لە باشترین ئاستی بوو کاتێك لە پاڵەوانیەتی کەنەدا ماستەرز توانی لە هەردوو یاریزان نادال و فیدرەر بباتەوە و بووە پاڵەوان.

٣- نیکۆلای داڤیدینکۆ (ڕوسیا)

یاریزانی ڕوسی داڤیدینکۆ لە پاڵەوانیەتی قەتەری کراوەی ساڵی ٢٠١٠ ئاستی بەرزی پێشکەش کرد دوای ئەوەی لە قۆناغی پێش کۆتایی توانی فیدرەر دوور بخاتەوە و ئینجا لە یاری کۆتایی

## کاپیلۆ داوای لێکردین وەک بەرشلۆنە یاری بکەین

جاك ویلشێر یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دیلی میروری بەریتانی ئەوەی ئاشکرا کرد کە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا فابیۆ کاپیلۆ داوای لە یاریزانەکانی کردووە بە هەمان شێوازی یانەی بەرشلۆنە یاری بکەن، ویلشێر تەمەن ١٩ ساڵ وتی: لە بەرامبەر هەڵبژاردەی وێلز بە پلانی ٤-٣-٣ یاریمان کرد و توانیمان فشاریان بخەینە سەر ودوو گۆڵی خێرا تۆمار بکەین، کاپیلۆ لە ئۆردوگای مەشقەکان داوای لێکردین چەند یارییەکی بەرشلۆنە سەیر بکەین بۆ ئەوەی شێوازی یاریکردنیان فێر بین و لە بەرامبەر وێلز جێبەجێمان کرد. هەروەها وتی: بەرشلۆنە باشترین تیپی تۆپی پێیە لە جیهان و کارێکی باشە ئێمە لێیان فێر بین.



شایانی باسە لە یارییەکانی پاڵاوتنی یۆرۆی ٢٠١٢ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بە دوو گۆڵی بێ بەرامبەر لە هەڵبژاردەی وێلزی بردەوە و پێشەنگی گروپەکەی وەرگرت بە کۆکردنەوەی ١٠ خاڵ.




بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز Mobile: 4514021 rebin1985@yahoo.com

## ـــــە فیدرەر و نادالیان بردۆتەوە

سەربکەوێت لە نادالیشی بردەوە و نازناوەکەی بەرز کردەوە.

٤- خوان مارتن دیل پۆترۆ (ئەرژەنتین)

دیل پۆترۆ تاکە یاریزانە لە جیهان لە پاڵەوانەتیەکی گراند سلام لە هەردوو یاریزانی بردبێتەوە، لە پاڵەوانیەتی ئەمریکای کراوەی ٢٠٠٩ دا، لە قۆناغی پێش کۆتایی لە نادالی بردەوە و لە یاری کۆتایی توانی لە فیدرەر بباتەوە، ئەم سەرکەوتنە وایکرد کە دیل پۆترۆ پێشوازی پاڵەوانانەی لە ئەرژەنتین لێبکرێت.



٥- دێڤید نالبەندیان (ئەرژەنتین)

نالبەندیان لە ساڵی ٢٠٠٧ لە دوو پاڵەوانیەتی لەسەر یەك لە هەردوو ئەستێرەی بردەوە لە ماوەی دوو هەفتەدا، لە پاڵەوانیەتی مەدرید لە قۆناغی هەشتەم نادالی دوور خستەوە لە یاری کۆتایی لە فیدرەری بردەوە، لە دوای دوو هەفتە لە پاڵەوانیەتی پاریس ماستەرز لە قۆناغی هەشتەم لە فیدرەری بردەوە و لە یاری کۆتایی لە نادالی بردەوە بە ئەنجامی (٦-٤، ٦-٠).



## خەونی نیمار خولی ئیتالیایە

یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی و چەندین یانەی ئەوروپا هەوڵی ئەوە دەدەن بۆند لەگەڵ یاریزانی لاوی بەرازیلی نیماردا سیلڤای تەمەن ١٩ ساڵ مۆر بکەن، لەلایەن خۆیەوە یاریزان نیمار بە رۆژنامەی لاگازێتا دیللۆ سپۆرتی ئیتاڵی راگەیاند خەون بە یاریکردن لە خولی ئیتالیا دەبینێت و هەوڵ دەدات پێوەندی بە یەکێك لە یانە گەورەکانی ئەم وڵاتە بکات، نیمار وتی :ئامانجی من کالچیۆیە، تۆپی پێ لە ئەوروپا سەرنج راکێشە و هیوادارم لە یەکێك لە یانە گەورەکانی ئەم کیشوەرە یاری بکەم، من ئێستا خۆشحاڵم لە یانەی سانتۆس، بەڵام ناتوانم بۆندی یاریکردن لە خولی ئیتالیا رەت بکەمەوە.

یانەکانی یۆڤانتس و ئینتەر میلان لە ئیتاڵیا ماوەیەکە بایەخ بە هێنانی یاریزان نیمار داسیلڤا دەدەن لە هەمان کاتدا یانەکانی بەرشلۆنە و ریال مەدرید لە ئیسپانیا و چێلسی و مانچستەر سیتی لە ئینگلتەرا بایەخیان بەم یاریزانە داوە.

## مادزاری کاتی دیارکردنی پاڵەوانی ئیسکۆدیتۆ ئاشکرا دەکات



والتەر مادزاری راهێنەری یانەی ناپۆلی پێیوایە کە پاڵەوانی خولی ئیتالیا لە دوا هەفتەی خولەکە بەدیار دەکەوێت و هیچ یارییەك پاڵەوانی ئەم وەرزە دیاری ناکات، مادزاری لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی مارتی وتی: ئێمە خۆشحاڵین بە پێشکەوتنی ئاستی هونەریمان لە ماوەی چەند مانگی رابردوو دا، خاڵی بەهێزیمان لەوە دایە کە ئێمە سەیری ریزبەندی یانەکان ناکەین، بەڵکو هەر یارییەك بە جیا وەردەگرین و بایەخی پێدەدین، هێشتا چەندین یاری ماوە بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.

هەروەها مادزاری وتی: ئەگەر ئاستە هونەرییەکان شی بکەینەوە دەبێ ئەوە بڵێین کە هەردوو یانەی ناپۆلی و ئۆدینیزی وەرزێکی ئاست بەرزیان پێشکەش کردووە، وابزانم پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولی ئیتاڵیا لە دوا هەفتە بەدیار دەکەوێت، ئێمەش تا دوا یاری لە پێناو نازناوەکە دەجەنگین.

لە کۆتایی لێدوانەکەی مادزاری وتی: نامەوێ فشار بخەمە سەر یاریزانەکان، چونکە لەوانەیە کاردانەوەی پێچەوانە بێت، هێشتا ٢١ خاڵ ماوە و هەموو ئەگەرێك لە ئارادایە.




ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال



### یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا ٢٠١٢

# هەڵبژاردە گەورەکانی ئەورووپا سەرکەوتنی گرنگیان تۆمار کرد

هەفتەی رابردوو یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا ٢٠١٢ بەڕێوەچوو، کە تیایدا هەڵبژاردەکان بەسەر نۆ کۆمەڵ دابەش کراون و لە هەر کۆمەڵێك هەڵبژاردەیەك بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا سەردەکەوێت و باشترین دووەمی هەر نۆ کۆمەڵە راستەوخۆ سەردەکەوێت و دووەمەکانی کۆمەڵەکانی تر لەگەڵ یەکتر یاری دەکەن بۆ ئەوەی چوار هەڵبژاردەی تر سەربکەوێت و کۆی هەڵبژاردە سـەرکەوتووەکان بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا دەبێتە ١٤ هەڵبژاردە لەگەڵ هەردوو هەڵبژاردەی ئۆکرانیا و پۆڵەندە دەبێتە ١٦ هەڵبژاردە، ئەنجامی یارییەکان و ریزبەندی کۆمەڵەکان بەمشێوەیە بوو.

**کۆمەڵەی یەکەم**

نەمسا — بەلژیکا ٠-٢، ئەڵمانیا — کازخستان ٤-٠.
تورکیا — نەمسا ٢-٠، بەلژیکا — ئازربینجان ٤-١.

**ریزبەندی کۆمەڵەکە بەمشێوەیە.**

١- ئەڵمانیا ١٥ خاڵ
٢- بەلژیکا ٦ خاڵ
٣- تورکیا ٩ خاڵ
٤- نەمسا ٧ خاڵ
٥- ئازربینجان ٣ خاڵ
٦- کازاخستان سفر خاڵ

**کۆمەڵەی دووەم**

ئەرمینیا — رووسیا ٠-٠، ئەندۆرا — سلۆڤاکیا ٠-١، ئێرلەندە — مقدۆنیا ٢-١.

**ریزبەندی کۆمەڵەی دووەم**

١- ئیرلەندە ١٠ خاڵ
٢- رووسیا ١٠ خاڵ
٣- سلۆفاکیا ١٠ خاڵ
٤- ئەرمینیا ٨ خاڵ
٥- مقدۆنیا ٤ خاڵ
٦- ئەندۆرا سفر خاڵ

**کۆمەڵەی سێیەم**

سربیا — ئێرلەندی باکوور ٢-١، سلۆڤینیا — ئیتاڵیا ٠-١.
ئیستۆنیا — سرِبیا ١-١، ئێرلەندی باکوور — سلۆڤینیا ٠-٠.

**ریزبەندی کۆمەڵەی سێیەم**

١- ئیتاڵیا ١٣ خاڵ
٢- سلۆڤینیا ٨ خاڵ
٣- سرِبیا ٨ خاڵ
٤- ئیستۆنیا ٧ خاڵ
٥- ئێرلەندی باکوور ٦ خاڵ
٦- دوورگەکانی فاروو ١ خاڵ.

**کۆمەڵەی چوارەم**

لۆکسمبۆرگ — فەرەنسا ٠-٢، بۆسنە و هێرسك — رۆمانیا ٢-١، ئەلبانیا — رووسیای سپی ١-٠.
رۆمانیا — لۆکسمبۆرگ ٣-١.

**ریزبەندی کۆمەڵەی چوارەم**

١- فەرەنسا ١٢ خاڵ
٢- رووسیا سپی ٨ خاڵ
٣- ئەلبانیا ٨ خاڵ
٤- بۆسنە و هێرسك ٧ خاڵ
٥- رۆمانیا ٥ خاڵ
٦- لۆکسمبۆرگ ١ خاڵ

**کۆمەڵەی پێنجەم**


هەنگاریا — هۆڵەندە ٠-٤
سوید — مۆڵدۆڤیا ٢-١، هۆڵەندە — هەنگاریا ٥-٣

**ریزبەندی کۆمەڵەی پێنجەم**

١- هۆڵەندە ١٨ خاڵ
٢- سوید ٩ خاڵ
٣- هەنگاریا ٩ خاڵ
















٤- مۆڵداڤیا ٦ خاڵ
٥- فنلەندا ٣ خاڵ
٦- سان مارینۆ سفر خاڵ.

**کۆمەڵەی شەشەم**

جۆرجیا – کەرواتیا ١-٠، ئیسرائیل – لاتفیا ٢-١، ماڵتا – یۆنان ٠-١.
ئیسرائیل – جۆرجیا ١-٠.

**ریزبەندی کۆمەڵەی شەشەم**

١- یۆنان ١١ خاڵ
٢- کەرواتیا ١٠ خاڵ
٣- ئیسرائیل ١٠ خاڵ
٤- جۆرجیا ٩ خاڵ
٥- لاتفیا ٤ خاڵ
٦- ماڵتا سفر خاڵ.

**کۆمەڵەی حەفتەم**

ویلز – ئینگلتەرە ٠-٢، بولگاریا – سویسرا ٠-٠.

ریزبەندی کۆمەڵەی حەفتەم

١- ئینگلتەرە ١٠ خاڵ
٢- الجبل الاسود ١٠ خاڵ
٣- سویسرا ٤ خاڵ
٤- بولگاریا ٤ خاڵ
٥- ویلز سفر خاڵ.

**کۆمەڵەی هەشتەم**

قوبرس – ئیسلندە ٠-٠، نەرویج – دانیمارک ١-١.

**ریزبەندی کۆمەڵەی هەشتەم**

١- نەرویج ١٠ خاڵ
٢- پورتوگال ٧ خاڵ
٣- دانیمارک ٧ خاڵ
٤- قوبرس ٢ خاڵ
٥- ئیسلندە ١ خاڵ.

**کۆمەڵەی نۆیەم**

ئیسپانیا – چیک ٢-١.
چیک – لیشتنشتاین ٢-٠، لیتوانیا- ئیسپانیا ١-٣.

**ریزبەندی کۆمەڵەی نۆیەم**

١- ئیسپانیا ١٥ خاڵ
٢- چیک ٩ خاڵ
٣- ئوسکتلندە ٤ خاڵ
٤- لیتوانیا ٤ خاڵ
٥- لیشتنشتاین سفر خاڵ.

ریزبەندی گۆڵکاران

٨ گۆڵ
میرۆسلاف کلۆزە(ئەڵمانیا)، کلاوس یان هۆنتیلار (هۆڵەندە).

٥ گۆڵ
داڤید ڤیا (ئیسپانیا)، میکێل فۆرسێل(فنلندە).

٤ گۆڵ
نیکۆ کرانشار(کرواتیا)، دیرک کاوت (هۆڵەندە)، گیرگیلی رۆدۆلف(هەنگاریا)، ئاد شالای (هەنگاریا).

